**له بڵاوكراوەكانی یانەی كوردی لە هۆڵەندە "میدیـــــــا"**

# هونەرمەند

# وەهبی ڕەسوڵ

**چەپكێك نووسین و لێكۆڵینەوە و سەرنجی چەند نوسەر و هونەرمەندێكە**

**لەسەر كارە هونەرییەكانی هونەرمەندی شێوەكار وەهبی ڕەسوڵ.**



**ئامادەكردنی:خالید ڕەسوڵ**

**هۆڵەندا – ئەمستردام**

**2003**

ناوی کتێب : وەهبی ڕەسوڵ
چەپکێك نووسین و لێکۆڵینەوە و سەرنجی چەند نوسەر و هونەرمەندێکە
لەسەر کارە هونەرییەکانی هونەرمەندی شێوەکار وەهبی ڕەسوڵ.
ئامادەکردنی : خالید ڕەسوڵ
مۆنتاژ : عیماد عیزەت
سەرپەرشتی : سەردار فەتاح
چاپ : کۆمپیوتەری یانەی "میدیـــــا"
تیراژ : 200 دانە
لەسەر ئەرکی یانەی کوردی لە هۆڵەندە "میدیـــــا"
چاپ و بڵاوکراوەتەوە

Postbus 75562
1070 AN Amsterdam
Kantoor:
Pieter Nieuwlandstraat 95
Telefax: 020 – 6935915
e-mail: info@kvnmidia.nl
website:www.kvnmidia.nl
k.v.k.: 34141181 postbank: 5709908



**ناوەڕۆك** | **لاپەڕە**


| | |
|---|---|
| ژیانی هونەرمەند. | 4 |
| (وەهبی رەسولْ ) كە ڤاڵی ژیان دۆستی/ دڵشاد مستەفا | 6 |
| سەفەری خوێندنەوەیەكی خێرا/ محەمەد هاشم | 7 |
| دەبێ شێوەكار لە دین و خەڵك و دەوڵەت قوتار بێت / گفتوگۆی/ عەبدوڵڵا ئەحمەد | 13 |
| خەمە نەوتاوی‌یەكانی پەپوولە لە پێشانگەی سێیەمی وەهبی ڕەسوڵ دا نوسینی: جەزا بەكر | 24 |
| پێشانگای وەهبی ڕەسوڵ و چەند سەرنجێك، نوسینی: بەختیار مستەفا قەفتان | 28 |
| پەپوولە .. نوسینی :محمد موسی، وەرگێڕانی وەهبی ڕەسوڵ | 30 |
| ڕەنگە بەهەشتی‌یەكانی وەهبی رسوڵ لە دوا پێشانگەی‌دا/ نوسینی: دڵشاد عەبدوڵڵا | 34 |

**وەهبی ڕەسوڵ ئەحمەد.**



- **ساڵی 1963 لە شاری سلێمانی کوردستانی عێراق لە دایك بووە.**
- **ساڵی 1982 لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغداد بەشی نیگارکێشان وەرگیراوە.**
- **ساڵی 1986 بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە هونەری نێگارکێشان دا لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدای وەرگرتووە.**
- **لە ساڵی 1992 ەوە بەردەوام لە پەیمانگەی هونەرجوانەکانی شاری سلێمانی بەشیشێوەکاری، لقی نیگار کێشان مامۆستای تایبەتمەندە بەو لقە.**
- **ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستانە.**
- **ئەندامی گروپی (هاوڕێیانی شێوەکار) بووە، کە ساڵی 1994 تا ساڵی 1998 بەردەوام چالاکی و کاری هونەری و پێشانگەیان ئەنجام داوە.**

- خاوەنی چەندان ووتار و نوسین و کاری ڕەخنەیی‌یە لە میانی هونەری شێوەکاری‌دا و لە ساڵی 1984 ەوە بەردەوام بەرهەمە نوسراوەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و TV دا بڵاوکردۆتەوە.
- ئێستا سەرۆکی بەشی شێوەکاری‌یە لە پەیمانگەی هونەرجوانەکانی‌سلێمانی ومامۆستایە لە کۆلێژی ئەکادیمیای هونەر لە زانکۆی سلێمانی.

پێشانگە تایبەتەکانی:

- 1982 پێشانگەی یەکەمی تایبەتی هۆڵی سورکێو/ سلێمانی.
- 1985 پێشانگەی دووەم هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی بەغداد.
- 1986 پێشانگەی دووەم هۆڵی سلێمانی / سلێمانی.
- 1995 پێشانگەی سێیەم گالێری سالار/ سلێمانی.
- 1997 پێشانگەی چوارەم هۆڵی میدیا لە هەولێر.
- 1999 پێشانگەی پێنجەم لە ژێر ناونیشانی (هەژەند) هۆڵی کۆمەڵەی هونەرجوانەکانی سلێمانی.
- 2001 پێشانگەی شەشەم هۆڵی شەهید سەلمان/ دهۆك.

خەڵات و بڕوانامە

- 1995 ڤیستفاڵی سێیەمی شێوەکاری لە سلێمانی.
- 1995 ڤیستفاڵی هونەری شێوەکاری لاوان لە سلێمانی.
- 1996 پێشانگای پۆستەری هەڵەبجەی شەهید.
- 2001 پێشانگەی پۆستەری خاچی سوری نێودەوڵەتی (خەڵاتی ڕێزلێنان) / سلێمانی.

# (وەهبی رەسولّ ) کە ڤاڵی ژیان دۆستی

**دڵشاد مستەفا**

خەونێك هەیە ئالّو نیگایەك هەیە شیرین.... ڕەنگێك هەیە پڕبەپێستی مانای خۆی دەنەخشێنیّو پانتاییەك هەیە لە بەتاڵیشدا واتاکانی لەدەست نادا، تەلبەندێك دیارە ڕەنگینو تروسکەیەك خەفە. ئەمە یاری ژیانە لەودیو تەمتومانی کەڤاڵەوە. ئەمە شەڕی زیندەگییە بەدیار پرسیارە توندو تۆڵەکانی ئینسانەوە. کەوەختیّ دەگاتە ترۆپك دەبێتە ڕەنگو بەدەست و پەنجەی ئەم هونەرمەندەدا دێتە خوار .. بەبارتەقای پانی گەردوون ئەندێشە لەخۆی دەئاڵێنیّو بە هێندایی‌فراوانی ئاسمان ئەفسون. لەبەردەم هێڵو ڕەنگەکانی (وەهبی ڕەسولّ) دا جۆرێك لە سەرسامی داتدەگرێت جیاواز.. هەستێك بە نێوتدا لەجەریاندا دەبێت سەیر، کە هیچ لەوانەی تر ناچێت .

ئەمە یەکەم ساتەکانی جیابونەوەی (وەهبی) یە لەوانی تر ئیدی لە نەوەی هاوکاروانی خۆی یان لەوانەی لەوە وبەرتر.

ئەم لەودیو ئەو هەموو ئاماژانەوە یارییەك لە پێناوی ژیان دەکات، بە ئاڕاستەیەك ڕەنگ دێنێت، کە بەسانایی هێڵی ژیان دۆستی لێوە دەبینی بەو مانایەی تابۆی بکرێت بەڕەنگ ئەم بونەت لا نازدار دەکات و لەلایەکی تریشەوە دەتخاتە بەردەم ڕێژنەی بە تاوی پرسیار.. ئەو پرسانەی قولّ ڕۆچون و دیوارە تەنکەکانی ڕووکەشیان لە مێژە جیّ هێشتووە. ئەم دێت و کەرەستەکانی نێوکەلتوری نەتەوە بە دنیایەك گۆڕانو ئامادەکردنەوە دێنێت، هەموو پێکرا دەبنە واتا، واتایەك لە نێو ماڵی ڕەنگینی ڕەنگدا.

چونکە ئەو ناتوانێت هەر لە خۆڕا بەشێك لە ڕابردووی گشتی لە نێو پێکهاتەی تابلۆیەکدا جیّکاتەوە لەبەر ئەوەی (وەرگر- بینەر)ی خۆی خۆش دەوێت و پەیامی ئەو پەیامێکی ژیان دۆستیە.



# سەفەری خوێندنەوەیەکی خێرا

## لەمەرقەسی هێڵ‌و ڕەنگەکانی هونەرمەند (وەهبی ڕەسوڵ)دا

نوسینی:محەمەد هاشم

دەروازەیەك:

ئەوەندەی بڕوانینە مەنفەزەکانی ڕاگەیاندن‌و نووسین دەربارەی ڕەهەندەکانی تیۆری هونەری شێوەکاری کوردی، کە مێژوویەکی هێندە درێژیشی نییە، سەیر دەکەین سەرجەم ئەو گوتار و نووسینانەی لەو تەوەرە دواون، ئەوەندەی شتێکی رووکەش‌و بەسەر شان‌و باڵدا هەڵگوتن نەبێ، شتێکی ئەوتۆ نەبووە، کە خەسڵەتەکانی نووسینی تیووری زانستانە بێت. دەربارەی هونەرەکە و هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی ئەندازە بەندو و هۆشیارانە لەو روانگەیەوە نەبووە.

سەیر دەکەین ئەوەی دەربارەی هەرچی هونەرمەندێکی نووسیوە لەو چوارچێوەیە نەچۆتە دەرەوەو پەی بە مەسەلە سەرەکییەکانی نەبردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی نووسەرەکە (بەگوتەی ئێمە) هێندە شارەزا نەبووە، لە ڕۆشنبیری شێوەکاریدا، خۆ ئەگەر دەربارەی هەرچی ڕەگەزو ڕێبازەکانیشە، ئەوا لەتەرجەمە کردنێکی هاکەزایی

بترازێ هیچی تر نەبووە، لەبەر ئەمانە ئەم گۆمە مەنگەی ئەو لایەنە گرنگەی ڕۆشنبیریمان نەشڵەقاوە و هێشتا سیماو سلکە ڕاستەوخۆکەی خۆی وەرنە گرتووە، بۆیە ئەگەر ئەو بوارە زیاتر ئاوەڵا بکرێ زۆرتر بوار برەخسێ ڕەنگە تارماییەکی کەم لەسەر رەوتی بزوتنەوەی رۆشنبیریماندا جێبهێڵێ.

لێرەدا هەوڵ دەدەین لەهەندێك لایەنی ستاتیکی وچۆنیەتی کارکردن و هەنگاوی قۆناغەکانی بەرهەمە هونەریەکانی هونەرمەندی کورد "وەهبیڕەسوڵ" بدوێین و چەند تێروانینێکی فەردییانە بەگورزە تیشکێك بخەینە سەر ڕەنگە سەما ئامێز و هێڵە قەڵبەزە و گوتارە جوان بینیەکانی هونەرمەند.

## هەنگاونان بەرەو وونبونی شێوە.

هونەرمەند وەهبی ڕەسوڵ دوای ئەوەی کە دیراسەی ئەکادیمیەتی بەسەردا تێپەڕیوە و ماوەیەکی زۆر لە ئاپۆڕەی ئەکادیمیەتی واقیعیدا کاری ئەنجامداوە، هێدی هێدی تێروانینی کارکردنەکانی گواستۆتەوە بەرەو تێکشکانی شێوە بینراوەکان.

لەسەرەتادا هونەرمەند وەکو واقیعیەك، خۆی ناساندوە بە پێی کارەکانی و لە ڕوانگەی ئێمەوە یەکەمین قۆناغی بەسەر کردنەوەی شێوەیە دوای ئەکادیمیەتەکەی.

ئەمەش لەتابلۆکانی قۆناغی یەکەم دووەمیدا دەردەکەوێ، بۆنمونە تابلۆی (دەروێش عەبدوڵڵا) کە لەسەر دەفێك ڕەسمی کردووە، کە (تەنیا لەوقۆناغەیدا ئەوتابلۆیە لەبەردەستمان دایە)، سەیردەکەین زۆر واقیعیانە کاری کردوە، لەچوار چێوەیەکی نوێگەرانەی ستاتیکی تێر، کە ئەمەش گەواهی هێزو توانای گوزارشتی هونەرمەندە لەو بارەیەوە یان بڵێین لە مەیدانی واقیعی کارکردنیدا... ئەگەرچی لەو تابلۆیەدا کەم تازۆر لە باگراوندەکەی هەندێ هێماو ئامارژەی هونەرمەندی عێراقی (ولید شیت) دووبارە بوەتەوە.

پێ بە پێی هەنگاوە هونەرییەکانی هونەرمەند و زۆری ممارەسەیەکی بەردەوامی شێوەکان، بەرەو ئاڵۆزی و تێکشکانێکی کتوپڕ هاتوون، کە ئەمەش لەپێشانگە سەرکەوتووەکەیدا بەناوی (دەببە نەوتەکان) دەردەکەوێ، کە لەوێدا شێوە لەهەنگاوناندایە بۆخۆدزینەوە لەبابەت و فۆڕم و خۆی وون دەکات لەبەردەم گوتارە

ساتاتیکیەکانی هێزی دەبڕینی هونەرمەند، ئەمەش هەروەك لەسەرەوەش ئاماژەمان بۆی کرد، بەڵگەی زۆر پراوە کردنییەتی جا لەو لەێرا قۆناغەکانی بەرەو تەواو فەنابوونی یەکجارەکی شێوە، گوازراوەتەوە (دوای پێشانگەی دەببە نەوتەکان) بە سیمایەکی جیاواز تری شێوەکان، هونەرمەند مامەڵەی لەگەڵ رەنگ و هێڵ وبۆشاییدا کردوە و خاسیەت و خەسڵەتە جوانناسیەکانی لەوێدا گڕ کردۆتەوە ... بەلآم ئەگەر سەیری قۆناغەکانی ئەم دواییەی هونەرمەند (وەهبی) بکەین، دەرك بەوە دەکەین کەهونەرمەند لەنەرمی و بازدانە چەماوەییەکانی هێڵ و ڕەنگە کانی هێندە نەگۆڕاوە..! بەمەش وا پێ دەچێ هێشتا سۆزی بۆ شێوە مابێ ونەگەیشتبێتە جەمسەری رووت بوونەوە لە رووتی.



## *خەسڵەتەکانی کارکردنی هونەرمەند:

ئەگەر سەیری یەکە بەیەکەی کارە هونەریەکان و قۆناغە جیاجیاکانی وەهبی بکەین دەبینین لە چۆنیەتی کارکردنی بەکارهێنانی ڕەنگەکان و جوڵەو هێماکان بەسەر یەکەوە سیستەمێکی بەدوای یەکدا هاتووی هەڵبژاردووە ... دوای ئەوەی هونەرمەند لە کاری (ڕەنگی ڕۆنی)دا کەبەرهەمە واقیعیەکانی و ئەکادیمیەکانی تێدایە ئەنجام داوە، شێوازی کارکردنەکەی گواستۆتەوە بەرەو ڕەنگی پاستیل و ڕەنگی قەڵەمی داری، کە ئەمیش جۆرە تواناو جورئەتێکی بەهێزی گەرەکە لەبەکارهێنانداا .. ئەو جورئەتەش زۆر بەڕوونی لە بەرهەمە هونەرییەکانی هونەرمەند لەپێشانگەی (دەببەنەوتەکان)دا دەردەکەویٚ کۆکردنەوەی ڕەنگە بەگڕا یەکدا چووەکان و تەنگژە بوونی تەقسەکانی ناو تابلۆکانی خۆی دەسەپێنیٚ و ئەو تواناو هێزی وێرانەیەی هونەرمەند دەسەلمێنیٚ. هونەرمەند لەو جۆرە کارانەیدا مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ (هێڵ) دا کردوە جیا لەو مامەڵە ئاساییەی کە لەگەڵ ڕەنگدا دەیکات، چونکە سەیری فەزای هەر تابلۆیەکی دەکەی تەوژمەکانی هێڵ زۆرتر سەرنج ڕاکێشن وهێڵ بەرەو ئاقارەکانی خۆی ڕاپێچت دەکات، ئەمەش بەتێڕوانینمان دەگەڕێتەوە بۆ هەمان مەرجەعی کەلێیەوە وێرانەکەی تێدایە سەرچاوەی گرتووە و بە گوزارشتی هەڵشاخانە دەروونی و هەڵچونە یەك لەدوای یەکەکانی خۆیان نیشاندەدات.

جگە لەمانە لەهەندیٚ فیگەری بچوکدا هونەمەند بۆ چارەسەرکردنی بۆشاییە نا هاوسەنگەکان پەنای بردۆتە بەر کۆلاج (لصق)کردنی هەندیٚ ماددەی رەنگاوڕەنگی بریسکەداری وەکو سیم و ئاوێنە و پولەکە و ...هتد، کە ئەمەش زیاتر ڕۆح وەبەر تابلۆکان دەخەن و ئەو ڕۆح بەخشینەش لە تروسکانەوەی ئەو مادانانەدا بە سیمایەکی ستاتیکی زۆر بەهێز خۆیان نمایش دەکەن.

### ڕووانین لەشتەکان و سودوەرگرتن لەبینینی ورد لە شێوەدا.

وەهبی هونەرمەند بەو سەلیقەوتوانایەی خۆیەوە هەردەم تێڕوانین وبینینی وەکو هەر هونەرمەندێکی داهێنەری تر جیاواز بووە، لە خەڵك و بەشێواز و روخسارێکی جیاواز قسەی لەگەڵ شێوەکانی بووندا کردووە، ڕوانینی زۆری

(وەهبی) لەشتەکان و نزیك بوونەوە و ورد بونەوە لە شێوەکان سودی زۆری بە بەرهەمەکانی بەخشیوە و بە چاکیش رەنگی داوەتەوە... بۆ نموونە ڕەنگە هەر سەفەرێکی (وەهبی) بەرەوهاوینەهەواری (سەرچنار) ئەوەندەی کلکی تاووسەکان سەرنجی ڕابکێشێ، کەش و هەوا و خەڵکەکە هێندە بزوێنەر نەبێ (بۆیە دەڵێم سەرچنار چونکە لە باخچەی ئاژەڵانی سەرچنار چەند تاووسێك هەن)... هونەرمەند زۆر شارەزایانە بە بینینێکیتازە سەیری نەخش و ڕەنگەکانی تاوسەکان دەکات.. و لێیان وورد دەبێتەوە تاوای لێدێت هەر سەنتیمێك لە ڕەنگ وهێڵەکانی سەرکلك و پشتی ئەو تاوسانە هەیە ببێت بەچەند مەترێك و هونەرمەند هێندە بەوردی لێی بڕوانێ تاخۆی لەناودا وون دەکات.. لەو کاتەشدا هەر فیگەرێك لەجوگرافیای دابەش بوونی رەنگو هێڵەکاندا دەبن بەپارچەیەك (تەجرید)و لە ناو تەوەری خۆیاندا دەردەچن. ئەمەبووە بەخولیایەکی جوانناسیو جوانبینیەکی زانستیانەی هونەرمەندو زۆربەی تابلۆکانی دوایی ئەم خاسیەتانەی تێدا ڕەچاو دەکریٚو رەنگ و شێوەی (تاووسی) زۆربەی رۆشنایی وەبەر دید دەکەوێ، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر سوود وەرگرتنی هونەرمەند لە باڵی ڕەنگاوڕەنگی پەپولە، بەو هەموو جوانییەوە، کە ئەمەش بە فیعلی جورئەتی گەرەکە، کە توانای تەرجەمەکردنی ڕەنگەکانی سەرباڵی پەپولەی هەیە، کەوا باشە بڵێین هونەرمەند کە ڕەسمی ئەو شتە جوان و ئەوڕەنگە سەرنج بەرانە دادەنێ ئەوە لە خودی خۆیدا شیعر نووسینێکی ناسکە بە چاو و ... ئەمانەو زۆر بابەت و شتی تر وای لە (وهبی) هونەرمەند کردووە، کەنیگاکانی زۆرتر والابکات و جوانیەکان بقۆزێتە وەبۆتێرکردنی قورگی تابلۆکانی.

## پەمە یی‌بوون:

هونەرمەند لەقۆناغەکانی پێشیدا، حسابی بۆ زۆربەی ڕەنگەکان و جوگرافیای دابەشکردنیان کردوە لەسەر فۆرمی تابلۆکانی، بەڵام هێدی هێدی لەڕەنگیش بەرە و تەجرید بونەوە چووە و ڕووەو سورێکی کاڵ ڕۆییووە لە بەرهەمە تازەکانیدا، تاوای لێهاتووە لە چەند کارێکی زۆر تازەیدا بەتەواوی غەرقی پەمەی بووە، بەتێڕوانینمان ئەمەش بۆ ئەو خۆشەویستییە گەورەیە و ئەو ڕاستگۆییە دەگەڕێتەوە، کە (وەهبی) لەگەڵ بێدەنگی خۆی و شتە خۆشەویستەکانی خۆیدا دەریبڕیووە ،جگە لەوەی حەز

کردنێکی چێژی ستاتیکیە0 لەزانستی  روانین و ڕۆشنبیری چاوویان (جوانبینی) خۆ ڕەنگە پێشبینی ئەوەش لە (وەهبی) هونەرمەند بکرێ، کە هەندێ بەرهەمی هونەری ئەنجام بدات ( لەداهاتوو) تەنیا ڕەنگی پەمەیی تێدا تەراتێن بکات و ڕواڵەتی فۆرمی تابلۆکانی رووت بکاتەوە لە هەموو ڕەنگەکانیتر، کە گوزارشتی ناخۆشیو رەش بینیو هەڵچونو شەڕو .. تاد.. دەسەپێنن، ئەمەش لەبەر گەڕانەوەی هونەرمەند بۆ مەملەکەتی ڕاستگۆیی لەگەڵ خۆیی و پاکبونەوە لە میتودە تەنگە بەرەکان کە نائارامی بەگیان دەبەخشن..

لێرەوە دەردەکەوێ هونەرمەند (وەهبی رەسوڵ) گوتارێکی ستاتیکی ڕاستگۆمان پێ دەڵێو بانگمان دەکات بەرەو ئاهەنگە قەشەنگەکانی جوانیو بزەی ڕەنگەکانو سەمای هێڵەکاندا، لەو مەرقەسی جوانییەی کە دەری دەبڕێ.

لە ژمارە 9 ڕامان 5 ی ئاداری 1997 دا بڵاوکراوەتەوە



# وەهبی ڕەسوڵ :

## (دەبێ شێوەکار لە دین و خەڵك و دەوڵەت قوتار بێت )

**ئامادەکردنی / عەبدوڵڵا ئەحمەد**

**ئەو هونەرمەندە دەستو پەنجە ڕەنگ ڕێژەی لەنێو مەودای بوون دا، جوانی دەکات بە سموبلێك بۆ پرسیار کردن لەمەرگو زیندەگی تووشی ئیستمان دەکات وەهبی ڕەسوڵ بە سیمای ئەو باڵندە یاخیانەی کە هەمیشە لە فڕیندان دەیناسمەوەو دەزانم ئەدگاری ئاوی هەیە، چونکە ئاو مانشێتی ڕەها بوونی جوانی دەنووسێتەوەو بەرگی زیندوو دەبەخشێتە ژیان، لێرەدا ئەوەی تووشی تێڕامانمان دەکات ووتەی ئەو نووسەرەیە کە دەڵێ: وەهبی ڕەسوڵ بەو کەرەستانەش جوانی دروست دەکات کە جوانی دەکوژن.**

**"تەوژمەکانی دوای ڕۆمانتیکیەت تا بژاونی تازەگەری سیقەی خۆیان بە مرۆڤـ دۆڕاند"**

**" وا هەست دەکەم ووشەی (ڕەمزیەت) بەزۆر خراوەتە پاڵ شێوەکارییەوە".**

**پیکاسۆ بەهەموو چالاکیو داهێنانی خۆیەوە لەهەموو تەمەنیدا فریای یەك پڕۆژە کەوت".**

**+سەرەتا لای هونەرمەند وەهبی ڕەسوڵ قووڵترین غەریزە بۆ لای هونەر دەچێ یان بۆ لای ژیان؟**

**-جیاوازی نێوان ئەو دوو جیهانە کێشمە کێشمی زۆری درووست کردووە، لە ئێستادا بۆلای هونەر منی بردووەو بەسەر شێوەکاریدا دەشکێمەوە، بەڵام لێرە هونەر گیروگرفتی زۆرە، کار کردنی ئێمە بۆ لای هونەر جێناگرێ من وای دەبینم هەمان کێشەمان هەیە کە ڤانکوخ هەیبووە.**

**+ تۆ پێت وانیە هونەری شێوەکاری مێژوویەکی درێژی هەیە لای ئێمە؟**

**-من بۆ خۆم وای دەبینم کە مێژووی هونەری شێوەکاری درێژترە، چونکە لێرە کە سەیری ئەشکەوتی هەزارمێرد دەکەم مێژووی کۆنترین شارستانیەت دەبینم، ئەمەش دیارە کە بە کار کردنی شێوەکاریانە سەری هەڵداوە، هەروەها نەخشو نیگاری سەر**

دیوارەکان ڕەنگە زیاتر ئەو حەقیقەتەمان بۆ ئاشکرا بکا، کە هونەری شێوەکاری ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی هەیە.

+ ئەمڕۆ لە نێوەندی هونەری شێوەکاریدا بیّ دەنگیەك هەیە کە پێودانگێکی ڕەخنەیی لە ئاردا نییە بۆ ئەو بەرهەمانەی پیشاندەدرێن، هۆکاری ئەم بێدەنگیە دەگەڕێتەوە بۆچی؟

– ڕەنگە من زیاترین کەسێك بم کە لەسەر ئەو بێدەنگیە هاتومەتە وەڵام، کۆمەڵێك نوسینم نووسیوە، ئەوەش لەچاو تەمەنی هونەری مندا بە دوولا هاوسەنگ دەبێت، لایەنێکیان ئەوەیە هونەرمەندە هاوشانەکانی من، کە هاتون ئەوەندەیان نەنووسیوە. من دەتوانم بڵێم هاتوومەتە دەنگ لەزۆر ساتی بێدەنگیدا، بەڵام زۆر گیروگرفتی بۆ دروست کردوم، لەگەڵ هونەرمەندەکان، لای ئێمە شتێك زۆر سەیرە ئەویش ئەوەیە، کە ڕاستی شتەکان پەیوەستە بە ژمارەوە–گریمان ئەگەر چەند هونەرمەندێك پێکەوە لێکۆڵینەوە و بابەتی ڕەخنەیی بنووسن لە سەر کەسێك یاخود لەسەر لایەنێکی هونەری لای نێوەندە هونەریەکەی ئێمە ئەومەسەلەیە ثابت دەبێت، بەڵام کە تەنها کەسێك هەڵدەستیّ لەسەر بابەتێکی تایبەت دەنوسێت بەبڕوای من سەرکێشی یەك دەدا بەخۆی، چونکە دەبێتە جێگەی مشتومڕ و کەسێك نایە بەشداری تێدا بکات. لەزۆر شوێن  کە گفتووگۆم  کردوە ئەو کەسانەی لەگەڵم دابوون زانیومە توانایەکی هونەریان هەیە، پێم ووتوون قسە بکەن ئێوەش ڕەئی خۆتان هەبێت، ئەگەر من بۆ چوونەکانم لەجیّی خۆیدا نیە پێم بڵێن– جا ئەو شکاندنی بێدەنگیەی، کە تۆ باسی دەکەی بەرنامەی دەویّ، دەبێت لە چەند ڕوویەکەوە بەشداری تێدا بکەین ئەگەر بە تەنها من بێدەنگ نەبم من پێودانگم یان نەء ؟

شاکر حسن گەر بنووسیّ لەنێوەندی هونەری بەغدایە، یان فاروق یووسف جێگەیەك دەگریّ بەڵام ئایا ئێمە کەی وامان لێدێت؟ ئێمە هەر دەڵێن ڕەخنەگرمان نیە ئەی ئەو ڕۆژە کەیە کە پێی دەگەین‌و ئەو کەسەی، کە دەنووسیّ بۆچوونەکانی دەبێتە جیّی متمانە؟

+ ئاراستەی ڕەخنەگر لە بواری شێوەکاریدا هەمان ئاراستەی ڕەخنەگرە، ئەدەبیەکانە یاخود پشت دەبە ستێت بەو مەرجەعەی، کە قوتابخانە شێوەکاریەکان خستوویانەتە ئاراوە؟

– لە هەندێ قوتابخانەکاندا لەگەڵ ئەدەبدا یەکدەگرینەوە، ڕۆژگارێکی باش ئێمە گفتوگۆی بابەتیمان لەسەر ئەو بابەتانە کردوە، لەگەڵ شاعیر و مۆسیقی و تەنانەت شانۆکار و ڕەخنەگرە ئەدەبیەکانیش، ئێمە لە شێوەکاریدا هەندێ تەیاری هونەریمان هەیە تایبەتمەندی خۆی هەیە کەلە ئەدەبدا نیە؟

+ لەو قوتابخانە شێوەکارییانەی، کە تایبەتمەندی هەیە کامانەن؟

– لەوانە ئینتباعیەت کە لە شێوەکاریدا تایبەتمەندی هەیە، گەر بگەڕێینەوە سەر بنەماکانی سەرەتایی و سەرهەڵدانی ڕۆڵێکی گرنگی ئینتباعیەت گەڕایەوە بۆ شۆڕشی پیشەسازی– کەشۆڕشی پیشەسازی بووە مادەی کارکردنی شێوەکاری، نیگار کێشان جۆرێکی تری بەخۆوە دی چووە قەولێکی ترەوە، گەر ڕاستەوخۆ بڵێم "تیوب" دروست بوو– شێوەی بۆیە و ڕەنگەکان دروست بوو، ئەم تیووبە هەڵگرتنی بۆ ڕەنگەکان ئاسان بوو، لەگەڵ ئەمەدا بەپێی ئەو پێشکەوتنە زانستیە تیۆریە، تیشك و ڕەنگ هاتە ئاراوە لەلای زانا فیزیاویەکان، کۆمەڵێ تیوری وەك "شیفرۆڵو ئۆزۆڵد" ئەمانە لەو سەردەمانەدا برەویان سەندو هاتنە ئاراوە ئەمەش بەلایەك، ئەم گۆڕانکارییانە ڕۆڵێکی باشی بینی لە دروست بوونی ئینتباعیەتدا ئەمە جگە لەمەسەلە مەعنەوییەکان، کە بۆ هونەرمەند ئەو کاتانە ئەو متمانە گەورەیەی دابووی بە چینی بورجوازیەت، کە بێتە سەر حوکم خەونەکانی بۆ بەدی بهێنێ بەلام بۆی نەهێنایە دی، ئیدی هونەرمەند گەڕایەوە بۆ باوەشی سروشت دوو دێڕی سەرەکی هەیە لەلای سیزان کە دەڵێ "بڕوخێ ئەو تابلۆیەی مرۆڤی تیایە" ئەوە لەسەرەتای ئنتباعییەتدا پەیدا بوو، گەر ڕوونتر بڵێم هێند بێزراو لەمرۆڤ لە کۆمەڵگا، کە سیقەکانی ئیتنباعییەت بە مرۆڤ دۆڕا، کە لەدوا ساتەکانی تەمەنیدا ووتی:

"بڕوخێ ئەو تابلۆیەی مرۆڤی تیا نییە" من تەئکید دەکەمەوە سەر دێڕی یەکەم دێڕی یەکەمە تەمسیلی سەردەمی ئینتباعیەت دەکا، ئەمەش لەهیچ بوارەکانی تردا هاوشانی نییە."

+ سەبارەت بە ڕەمزییەت لە شێوەکاریدا دەکرێت باسی بنەماکانی بکەیت؟

– من لێکۆڵینەوەیەکی درێژم بە دەستەوەیە لەسەر تەعبیریەت لەوێدا ئاماژە دەدەم بەو زاراوەیە– ئەو ووشەیە بەزۆر لە شێوەکاریدا جێ دەکەنەوە، ئەو هونەرمەندانەش کارەکانیان بە هونەری ڕەمزی دەستنیشان دەکرێت زۆر ئیحراجی درووست دەکات بۆیە گەر ئەو پرسیارە راستەوخۆ لە هونەرمەندێکی شێوەکاری بکەی، کە من کردوشمە ووتوومە ڕەمزیەت لەهونەری شێوەکاریدا کێ دەگرێتەوە؟ چەمکەکانی چین؟ جۆری ئیش کردنەکەی چۆنە؟ شێوازی چۆنە؟ باسی تەکنیکەکەم لەگەڵ کردون، وەڵامی ڕاستەوخۆم دەست نەکەووتووە – من  هەست دەکەم ئەمەیان لە ئەدەب دا ڕوونتر دەنوێنێ پێچەوانەی ئینتباعییەت.

+ ئەدگاری کارەکانی جەنابت لە رووی داڕشتنی ڕەنگەوە زیاتر ناگەڕێتەوە بۆ کارەکانی (مەروان)؟

– ئەوەی من هەستی پیێبکەم  وەك ڕەنگ ناگەڕێمەوە بۆلای (مەروان) ئێستا گەر هەڵوێستەیەك بکەین لەسەر مەروان، کە خۆی لە دایك بووی تەعبیریەکانە، من باوەڕم وایە سنوری زانیاری ئێمە وامان لێدەکات پەنا دەبەینە بەر نزیکترین نموونە، من ئەگەر نزیکیم هەبێت لەگەڵ مەروان دا، لەچارەسەرکردنی شکڵدا بووە ، ئەویش نەك کارکردنی ئێستام یان ئەگەر زیاتر دیاری بکەم کۆتایی هەشتاکان و پێشانگای (دەبە نەوتەکان)، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین رەئی تر زۆرە و یەکێك لەورەئانە هونەرمەند (حەمید جەمال) دەڵێ هەندێ لە کارە کۆنەکانت (فرانسیس بیکون) م بیردەخاتەوە.

+  ئایا بونیادی گوتار هەیە لە تابلۆدا..؟

– من تا ئێستا ناتوانم دەست بەرداری گوتاری تابلۆ بم، لەکارەکانی پێشووم دا ویستومە لە گوتار نزیك ببمەوە، بەلاّم وەك دەست بەرداری تەواوەتی لە وێنەکردنمدا نی‌یە.

+ ئایا بابەت چەمکێکی گرنگی تابلۆ نی‌یە؟

– من هەمان شت تەئکید دەکەمەوە، بەلاّم دەلّێم با بینینی جیاوازمان هەبێت بۆ بەرجەستە کردنی بابەتی تابلۆ، چونکە من لەو باوەڕەدام ئەگەر تابلۆ سەرەتای هەبوو، کۆتایشی هەیە. کۆتایش مانای مەرگی تابلۆیە بابەتی تابلۆ لای من دەیەوێت لە زۆر لایەنەوە ژیانی بهروژێنێت.

+ تۆ پێت وانی‌یە کاری ئەکادیمی رەواجی نەما و بەسەر چوو؟

– گەر نێوەندی هونەری خۆمان باس بکەین رەنگە رەواجی نەمابێت، چونکە کاری مۆدێرینی لە هونەری کوردی دا مێژوویەکی قولّی نیە، شێوەکارانی کورد پڕ بە پێستی مۆدێرنیزم کاریان نەکردووە، هەولّی تاکە کەسی زۆر باش دراوە بەلاّم وەك تێربوونێکی باش کار نەکراوە هەرچەندە ئێستا بە هوروژم بەرەو مۆدێرنە دەڕۆین.

+ لەنێو مۆدێرنەدا مرۆڤ نابێتە کائینێکی دیسپیلن کراو؟

– من دەیگەڕێنمەوە بۆ ئەوە کەسەی کە بە تەواوی خۆی دەخاتە باوەشی مۆدێرنەوە، هەمان ئەم بۆچوونە بوو مناقەشەیەکی تایبەتی دروست کرد لە نێوان من‌و مامۆستای هونەرمەند (دکتۆر ماهود احمد)، ئەو کاتە لە پۆلی چوارهەمی نیگارکێشان بووم، سەرەتای کارکردنی ئەزموونی من بوو لە کارکردنی ئێستامدا، هەلّبەتە ئەو دەمە سادەتر و راستەوخۆ تر نزیك بووم، لە موستەقبەلی‌یەکان ئەمە کە دەلّێم، دیارە وەك تەکنیك دەیلّێم، ئەو لەسەر قەناعەتی ئەو کائینە دیسپلین کراوە، دەیگوت کەواتە تۆ سەرسامی بە بیروباوەڕی فاشی‌یەکانی ئیتالیا (( رەنگە ئەمە بەشێکی لەوەشەوە هاتبێت کە ئەو خۆی ئەو سەردەمانە زۆر لەوە پێشتریش لایەنگرێکی تاسەر ئێسکی هونەریی ڕیالیزمی بووبێت)) لەیەکێتی سۆڤیەتی ئەو کاتە، خوێندنی بالاّی تەواو کردبوو، ئەو وەختەش بەو شێوەیە بیرم لە سوودوەرگرتن نەئەکردەوە لە گەنجینەی هونەری جیهانی، من ئەوکاتە بیروبۆچونەکانی (عباس صراف)م پێگوت لەسەر هونەرمەندی سەردەم، کە چۆن



دەتوانن سوود وەربگرن و کار بکەن بۆ بەدی هێنانی شێوازێکی تایبەت یاخود تایبەتمەندییەك لە شێوازێکدا، مامۆستای بەڕێز د.ماهود ئاوا لەگەڵ چەندانێکی تریشدا دەکەوتە کێشمەکێشم، ئەو ئەو وەختە سەرپەریشتیاری پرۆژەی دەرچوونی دەکرد.

سەیر لەوەشدایە کەسانێك بە شیعار ئەو دیسپلین کراویە، ئاگایی و ئاگاداری تەواوی دیسپلین بوونی خۆشیان نییە و بەو بارەشدا دەکەونە هەڵەوە.

هەربۆیە دیسان وەك یەکەم جار وتم دەکەویتەوە سەر جۆری خۆ خستنە ژێر باری بینینی ئەو کەسە بۆ مۆدێرنێتی.

+ تازەگەری لە شێوەکاریدا، دابڕانە لە قوتابخانەکانی پێشوو، هێنانەکایەی تەوژمێکی ترە، ئەم چەمکە چۆن هاتە نێو هونەری شێوەکارییەوە؟

– دەبێ پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە، ئاماژە بە خاڵێك بکەم، کە بە بۆچوونی من پێویست و گرنگە، چونکە ئیستێکمان پێدەکات لەبەردەم وشەی دابڕاندا، پێش وەخت دەتوانین بڵێن دابڕانە بەڵام دابڕانەکە تا چەند و چۆنە؟

ئەوەندە دەڵێم با وەها لە دابڕانەکە تێ نەگەین، کە بنەبڕە ئەوەندەی گۆڕین و بردنە پێشەوەی چۆنیەتی کارکردنە بە شێوەیەك لە شێوەکان، کەواتە هەر ئەوەندە بڵێن ئەو شێواز و کارکردنانەی لە تازەگەریدا هەیە، بەجۆرێك لە رابوردوی خۆیدا هەبووە.
وتەی (هیچ شتێك لە ژێر ئەم خۆرەدا نوێ نییە) بەرامبەر بەم ساتانە دەوترێ و وتراوە، مەحاڵە وێنەکردنی تەعبیریەت بەبێ هونەری غوطیو چەندانی تر، مەحاڵە وێنەکردنی تەکعیبیەت بەبێ هونەری مۆزائیکی سەدەی چواردە و پانزە و کارەشوشەبەندەکانی پەنجەرەی کەنیسەکان و هەروەها کەواتە ئەگەری دابڕانەکە بەجۆرێك لە جۆرەکان، لە گۆڕانی چۆنێتی کارکردنەکە دایە ئەمە بێ گومان بێ لە بینگە هونەریەکەی.
گەر باسی هاتنە نێوی ئەم چەمکە بکەین بۆ ناو هونەری شێوەکاریی، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە تا سێچارەکی ئەم سەدەیە، من بەش بەحاڵی خۆم سەرەتاکانی وەك رۆمانسییەکان دەبینم، کە نامۆبوونی ئەوان سەفەری ئەوانی بڕیاڕدا، بەرەو رابوردوو بەلایەك و بەرەو بنیاتنانی هەنگاوەکانی ئۆرێنتێزم بەلایەکی تر.
سەفەرەکان مەعنەوی و لەهەمان ساتدا جەسەدیش بوون، دیلاکراو بە رۆحێ لە کۆشکەکەی ئاشورپانیپاڵدا بوو لەحزەی گرگرتن و داڕمانی، بە لەشیش خۆی گەیاندە جەزائیر و مەغریب.
بەلاّم سەفەری تازەگەریی بەرە و خودی خۆیان بوو، دوای ئەوەی تەوژمەکانی دوای رۆمانتیکیەت تا بژوانی تازەگەریی سیقەی خۆیان بە مرۆڤ دۆڕاند. سەفەری تازەگەریی بە ئیمپرێشێنستەکان هەنگاوی ناو رووی کردە دوو ئامانج.
یەکێکیان وەك ئاماژەم پێدا گەڕانەوە بوو بۆ خودی هونەرمەند، ئەوی تریان گەڕانەوە بوو بەرە و تابلۆ.
حەز دەکەم لێرەدا ئەوە بڵێم، کە لەسەر خاڵی دووەم کە بەرەنجامی بیرکردنەوە و بینینی خۆم بوو، لەسەر ئەو بینینە تووشی کێشمە کێشم و موناقەشەیەکی باش بووم لەگەڵ مامۆستاکەم لە ئەکادیمیا لە بەغدا (ئەوسا من لە پۆلی دووەم بووم).

ئەو تازەگەریی بە گەڕانەوەیەك دەزانی تەنها بەرە و خودی هونەرمەند خۆی، ئەمەی بەتایبەت لەسەر ئیمپرێشێنستەکان ئەووت هەر لەسەر وەڵامەکەی من و ڕاکەی من لەو لایانانەوە لەو تاقی کردنەوەیەی پرسیارێکی وەهای تیابوو، دەربارەی ئەو بابەتە نمرەی تەواوی پێنەبەخشیم بۆ وەڵامەکەم. تا دواتر بۆ جارێکی تر بەرنجامی هەمان شتم کردەوە لە کتێبە بەنرخەکەی (جون بیر جەردا) (نجاح بیکاسو واخفاق).
ئەم خاڵەی دووەم کە من بە ڕاستی ئەزانمو جەختی لەسەر ئەکەمەوە (لە زۆر سەرچاوە هونەریەکاندا ئاماژەی پێنەکراوە تەنها خاڵی یەکەم نەبێ). وای کرد تابلۆ خودی خۆی ببێتە مایەی حەشاردان و مۆڵگەی بەشێك لە ئامانجەکان.
ئەمەش هۆی دووربوون و بە هەڵە پێودانگ و چێژ وەرگرتنو بڕیاردانەکانی ئەدیبان و نووسەران و ڕۆشنبیران لە هونەری شێوەکاریدا، هەندێ جار (گەر نەڵێم زۆر جار) هونەرمەندە شێوەکارەکان خوودی خۆیان بە ئاگا نین لەم لایانە و بەهۆی کەم شارەزایی و نەبوونی هۆشیاری هونەرییانەوە. خۆ ئەگەر بە چاوێکی شۆڕراوە بڕوانینە پێناسەکەی (مۆریس دۆنی) کە دەڵێ:
(دەبێ بیرمان بێت کە تابلۆ لە جەوهەریدا ڕوویەکی تەختە ڕەنگەکان بەپێی ڕێکخستنێکی دیاری کراو دایان پۆشیوە) ئەمە پێش ئەوەی باس لە بابەتێکی تایبەت و نزیك لێمان بکات.
خاڵی یەکەم و زیاد لەوەش خاڵی دووەم بووە هۆی دروست بوون و زیادبوونی کەلەبەری نێوان هونەر (تابلۆ) و بینەر (خوێندنەوەی نوێ) هەر لەبەر ئەمەیە جۆرج فلانجان هەموو هەوڵی خۆی لەسەرچاوە بەنرخەکەی (دەربارەی هونەری نوێ) بۆ نزیك کردنەوە و نەهێشتنی تەرخانی ڕوونکردنەوە و شی کردنەوەی ئەو دوو خاڵە دەکات، بۆ نزیك کردنەوە و نەهێشتنی ئەو کەلەبەرە. تێیدا دەڵێ نووسەر و ئەدیبان هەڵە دەکەن گەر پێوەدانگی کاری شێوەکار بکەن، بڕیار و هەڵسەنگاندنەکانیان گەر ووریا و پڕ شارەزایی نەبن لەو بوارەدا پشت پێ بەستوو نابێ.
دواتر ڕۆڵ بینینی چەند خاڵێکی تر لەسەر چۆنیەتی هاتنە کایەی ئەم چەمکە بۆ هونەری شێوەکاری، کە ناتوانین و جێی فەرامۆش کردن نییە باسی لێوە بکەین، کە ئەوانیش قوتاربوونی یەکجارەکی هونەری شێوەکاریە لە چنگی دین، دەوڵەت،

خەڵك. كە لەمپەرە سەرەكیەكانی بەردەم نویٚ كردنەوە و داهێنانن ئەمە بیٚ لە پەیدا بوونیو پەرەسەندنی پیشەسازی و چوونە پێشەوەی زانستە جیاجیاكانی وەك فیزیا و هەندەسەو ماتماتیكو تا دەگاتە دەروونناسیو فەلسەفە و...هتد.
هەر بۆیە سەیر نابیٚ زۆرێك لە هونەرمەندەكان لە دوای ڕێنیسانس وە هونەر بەجیٚی زانست دادەنێن، یاخود بەجۆرە زانستێكی دادەنێین، كە تەكعبییەكان بانگێهشتی ئەویان كرد، كە سەر بە (شارستانیەتی ئامێرن) (الحضارة الآلية) بەمە خۆیان فریٚ دایە باوەشی دوا ڕۆژ و بە گەڕانەوەشیان بۆ هونەری ئەفریقی باوەشی پێش مێژوویان هەڵ بژارد، لەم بینینانەی تەكعبییەكانەوە چاوە شۆڕشگێڕەكانی خۆیان جارێكی نویٚ و جارێكی تر ئاراستەی كاری ناو مۆزەخانەكان كردوە بە سەرساميەوە پەییان بەوە برد، كە هەموو گەورە هونەرمەندەكانی ڕابردوو لە دیدە نیگایەكەوە تەكعیبین. بەو سیفەتەی پەی پیٚ بەری بەها نەمرو و بنیادیەكانی واقعن و توانیویانە دەریان بڕن. ئەم مەیلەی لای تەكعبییەكان بۆ ئامێرو بۆ دواڕۆژ لای فیوچەریزمەكان زیاتر زێفی سەند، ئەمە تا دەگاتە ناونانی جۆری تەجریدی هەندەسی، لەلایەن موندریان خۆیەوە بۆ كاركردنی تەجریدیانەی خۆی. پێشتریش كارەكانی ئینتباعیەكان و سیزان سورا و گوگان و ڤان كوخ پێویستیان بە تیۆیەك هەبوو بۆ پێك هێنانی زانستێك لە كارەكانیاندا. لە مێژوویەكی هێند دووریشدا نیە هونەرمەند (محمود صبر) هونەری (ڕیالیستی چەندایەتی) دامەزراند.
بەم هەنگاوانە هونەری شێوەكاریی بەحەماس بوو، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی زانستە فیزیاوییەكان دەریان خست، كە دەیان ووت: واقع ئەوە نییە، كە هەستەكان بۆمانی دەردەخەن بەڵكو شتێكە پێویستە لەسەر مەخیەلە نهێنییەكانی هەڵمالّی.
ئەو ڕادیكاڵیەتەی ئەمان پێویستیان پیٚی بوو بەدەستیان هێنا هەمان ئەنجام بوو بە پێچەوانەی كاركردنی ئەمان وەحشییەكانو تەعبیریەكان و دواجاریش بە پشت بەستن بەلایەنی نەستی مرۆڤ لەلای فرۆید و دادائیەكانو سریالییەكان بەدەستیان هێنا. لەلایەنی فەلسەفیەوە ئەم گۆڕانكاریانە با یاخی بوونی بە سەر عەقڵدا و بەسەر كەوتنیٚ بۆ زەین ڕوونی "گەر بتوانم وا بڵێم" برجسۆنی نوسرا.



دەمێنێتەوە سەر لێکۆڵینەوە و کاریگەری دەرکەوتنی کەلتوری میللەتەکانی ڕۆژهەڵات و ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتینی و هونەرە میللیەکان هەر هەموو بەشدار بوون لە یارمەتیدانی هێنانە کایەی ئەم تەوژمە. لێدوان لەم باسە تا بڵێی هەستیار و زۆرتر هەڵئەگرێ ناکرێ لێرەدا زیاتر بڵێم.

+ لەخوێندنەوەی تابلۆ – وە دەتوانین بەهونەرمەندێ بڵێن تازەگەرە..؟

– لە وەڵامێکی خێرای وا دا، دەتوانم بڵێم بەڵێ، بەڵام هەڵبەتە وشەی تابلۆ، تابلۆیەك دووانی هونەرمەندێك ناگرێتەوە، وشەی تازەگەریش گەر مەبەست لەو تەوژمە هونەریانە بێت، کە سەرجەم پێکەوە تازەگەرییان پێك هێناوە، ئەوا پێودانگ و چۆنیەتی کارکردنی ئەو تەوژمە هونەریانە مەعلومە، پێبەپێی ئەوانەی ئەو خوێندنەوەیە دەبێ بکرێ و دواتریش بڕیار بدرێت، ئەوەش تەیار بوون و ئامادەییەکی تەواوی دەوێ، لە شارەزایی ئەو تەوژمانە بەتایبەت شارەزایی ئێستاتیکی، گەر مەبەستیش لە تازەگەری هونەرمەند کارکردنێك و بینینێکی نوێیە لەم ڕۆژەدا، کە هونەرمەندەکە کاری تێدا دەکات، ئەوا بڕیاردان دژوار و قورس دەبێ،

چونکە هونەر لە دایکبووی دوێنێ و ئەمڕۆ نی‌یە، ئەمەش ئەو مەودایەیە، کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەری لە تەسك بوونەوە و بگرە لە نەمان دایە، ئەمەش نەك هەر لێرە، بەڵکو لەسەرتاسەری جیهان دا.

+ جیاوازی‌یە سەرەکیەکانی نێوان پرۆژە و پێشانگە چی‌یە؟

– هەڵبەت دیارە پێشانگا بچوکترە و ئاسایی تر دەنوێنێ لەچاو پرۆژەدا، پێشانگەکان هەرچی زیاتر عادەتی بوون بە خۆیانەوە دەبینین، بەڵام پرۆژە هەڵگری تایبەتمەندی و موفاجەئەیە. بۆیە کارکردن‌و بینینی تایبەتی دەوێ هەندێ جار ئەو تایبەتمەندی‌یە خۆی دەکوتێ بۆ جێبەجێ کردنیش، ڕەنگە هونەرمەندێ گەر زۆر بە توانابێت هەموو تەمەنی فریای پرۆژەیە دووان بکەوێ لە ژیانی هونەری خۆی‌دا، پرۆژەیەك کە شایستە بێت لە هەموو ڕوویەکەوە، پیکاسۆ بە هەموو چالاکی‌و داهێنانی خۆیەوە جگە لەوەی بەو هونەرمەندانە دەژمێردرێ کە زۆرترین بەرهەمی هونەری هەیە لە ژیانی‌دا تەنها فریای یەك پرۆژە کەوت کە ئەویش (جۆرنیکا)یە، جواد سەلیمێك هەر فریای نەسبێکی ئازادی دەکەوێ، لەمە زیاتر و بەتایبەتی وەك وتم بۆ هونەرمەندێ خاوەن توانایەکی بەرز و تایبەت نەبێ، ئەوا ئەو ئەنجامانە ڕەنگە بەکارێکی هونەری لە قەڵەم بدرێ نەك پرۆژە..

+ دەربارەی هاوڕێیانی شێوەکار دەتەوێ چی بڵێی؟

– سەبارەت بە هاوڕێیانی شێوەکار زۆرمان وتووە و ڕوونکردۆتەوەوە، هەر لە هۆی درووست بوونی تا دەگاتە ئامانج‌و ئەنجامی ئەمانەمان زۆر ووت لە وتاردا و لەسەر شاشەی (T.V)، من بەش بە حاڵی خۆم لە دوا نووسینە تایبەتی‌و تێرو تەسەلەکەی هاوڕێی ئازیزم هونەرمەند (جەزا بەکر) لە گۆڤاری (پەیڤی ڕەنگ)، کە تایبەت بوو بە هاوڕێیانی شێوەکار، ئەو بینین‌و دەرئەنجامانەی هەم بوون، دەربارەی ئەو گرووپە لە وتارێکدا بەناوی (هاوڕێیانی شێوەکار لەبەردەم ئەگەری گروپ گەرایدا) دەرم بڕیون، ئەوە دوا هەڵوێست بینینەکانی من بوون لەسەر ئەو گروپە، هاوڕێیانی شێوەکار مێژوویەکی جوانە لە کارکردن و هەوڵی هونەری، زەمەنێکە و زەمەنێك بوو پڕ لە بەخشین.

لە گۆڤاری ئایندە دا بڵاوکراوەتەوە

# خەمە نەوتاوییەکانی پەپوولە لە پێشانگەی سێیەمی(وەهبی ڕەسوڵ) دا

نوسینی: جەزا بەکر

لە زنجیرە چالاکیەکانی بەردەوامی هاوڕێیانی شێوەکاردا سێیەمین پێشانگەی تایبەتی (وهبی ڕەسوڵ) لە ڕۆژانی 12/12/تا 1994/12/18 لە گەلەری (سالار مەجید) کرایەوە . هونەرمەندی شێوەکار دەرچووی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانە لە بەغدا، ئێستا مامۆستایە لەپەیمانگای هونەرە جوانەکان.

لەم پێشانگایەدا (20) تابلۆی هاو قەبارەو هاو فۆرمی پیشان دابوو. لەسەرجەمی تابلۆکانیش وەك شێوە دەکرا هەست بە دوو فۆرمی هاوتەریب لە دووبارەوەبوونەوەدا بکەین. یەکەمیان هێڵی دەرەوەی ((out-line) تابلۆکان بوو، کەشێوەی زاڵی پیشانگاکەی نەخشاندبوو، ئەویش (دەببە نەوتەکان) بوو، بەرامبەر شێوەی زاڵی دووەمیان کە فۆرمی (دەم و چاو)یان (پۆترێت) بوو. بەمەش هونەرمەند لەهێڵی گشتی تابلۆکانیدا تا ڕادەیەك جەخت لەسەر (شێوەکان) دەکاتەوە بەوپەڕی تواناوە سنوری هێڵەکان ڕادەکێشێ بۆ پاراستنیان، بەڵام وەك (بابەت) دەمانخاتە نێو جەنجاڵی ژیانی ڕۆژانەی بەردەوام، نێو قەیرانەکان، دەبەکان لەبەرچاو وون نابن. بەمەش هونەرمەند تا ڕادەیەکی زۆر پابەند دەبێت بە (بابەت)ەوە، (پۆرترەیتەکانیش) لەڕەگەزدا جیاواز بەرامبەر یەك وەستاون، لەحیوارێکی بەردەوامدان، چیرۆکی (گوناهباری)و (تۆفان) دەگێرنەوە، بەڵام (وهبی ڕەسوڵ) لێرەدا تا ڕادەی (تشخیص) جەخت لە ڕووخسارەکان دەکات و بەشێوەیەکی ڕوون (پۆرترێتی) کەسی هونەرمەند خۆی دووبارەو سێ بارە دەکاتەوە، هەندێ جار بەسوڕانەوەی (پەپوولەکان)، وەك (هالەیەك) پاکیو دڵسۆزی (دەمو چاوەکان) پیشان دەدا، ئەم جۆرە دەربڕینەش لە مێژووی هونەردا کارێکی بڵاوە، هونەرمەندە جیهانیەکانی وەك (ڕامبرانت)و (ڕۆبنس)و زوربەی هونەرمەندە (تەعبیریەکان) و چەندەها هونەرمەندی تری وەك (مروان قساب) گرنگیان پێداوە، لێرەشدا هونەرمەند تەعبیر لە حاڵەتە



دەروونی‌یەکانی خۆی دەکات، لەنێوان سوتان و ژیانەوەی تاڵە وەنەوشەیی‌و پیرۆزەییەکاندا. تێکشکان و سوتاندنی (دەببە نەوتەکان)یش گوزارشت لەبابەتە واقعی‌یەکان دەکەن، بەهەمان شێوە جەخت لە ڕووخساری پۆرترەیتی (ڕەگەزی مێینە) دەکات بەشێوەیەکی ناسك و هێمن، بۆیە لێرەدا هونەرمەند تا ڕادەیەك سوودی لەحاڵەتی (لاتەنیشت، پرۆفیل)ی دەموچاو لە هونەری (فیرعەونی)دا وەرگرتووە. بەوەی هەندێکیان لاتەنیشتە و بەڵام (چاویان) بەرامبەر (Face) کە ئەمەش لەهونەری میسری کۆن دا بەناوبانگە و لەلایەن زانای دانمارکی (Lange)ەوە دوزراوەتەوە. وەهەروەها هونەری فیرعەونی بە (ناسکی‌و هێمنی) پاڵەوانەکانیدا دەناسرێتەوە. بابەتی سەرەکی پێشانگەکەش (قەیرانی دەببە نەوتەکانە) یان ،(خەمە نەوتاویەکان)، بەڵام لە هونەری شێوەکاریدا (بابەت‌و ناوەڕۆك) زۆر جار بە هۆی تەکنیك و مەبەستی شاراوەی هونەرمەندەوە وەك کارێکی

(فانتازیا) ئاوێتە دەبێت و بابەتە سەرەکیەکان لەشۆڕبوونەوەیاندا، ناوەرۆکێکی شاراوەیان هەڵگرتووە.

لێرەشدا (وهبی ڕەسوڵ) بەهەمان شێوە لە ناوەڕۆکی تابلۆکانیدا گەلێك (هێما)و (رەمزی) حەشارداوە، کەبینەر دەتوانێ هەندێکیان بەئاسانی بخوێنێوە و هەندێکی تریشیان جیهانێکی شاراوەی دەروونی هونەرمەندە، ناتوانرێ بەئاسانی پەی پێ ببرێت. هونەرمەند لە ناوەڕۆکی تابلۆکانیدا گەلێك رەمزی بەکارهێناوە، هەندێکیان لەئەفسانە و چیرۆکە کۆنەکانەوە وەرگیراون وەك (پەپولە، هەڵۆ، شاخی بەران، پەڕی تاوس، باڵندە، خەتی هێرۆغلیفی، (لول پێچ). کە تێکڕای ئەمانە لێکدانەوە و بۆچوونی جیاوازی بۆ دەکرێ لەئەدەب و هونەری گەلاندا، هەندێ لەو ڕەمزانە زۆر جار یەك تەفسیری هاوبەشیان بۆ دەکرێ وەك (پەپوولە) کە هەمیشە نیشانەی پاکیو خۆشەویستیو خۆبەخت کردنە. هەروەك پەپوولەکانی (وهبی ڕەسوڵ) چۆن بە ئازاری (خەمە نەوتاوی یەکان)ەوە دەیانەوێت ڕوخساری جوانو پڕ خۆشەویستیان لەوپەڕی ئازارو نەهامەتیدا بپارێزن، بەڵام دەکرێ (لول پێچ) تەفسیرێکی جیاوازی بۆ بکرێ، جارێك نیشانەی لایەنە شاراوەکانی هونەرمەند بێت، جارێکی تریش نیشانەی خۆپاراستنو خۆبەدەستەوە نەدان بێت بەرامبەر دیاردەکانی سروشت، خۆپاراستن بێت، بەڵام بەکارهێنانی (تەلەفۆن، گڵۆپ، کات ژمێر، گوارەی گوێ، نوقڵی مینۆ، دەنکە شقارتەی سووتاو، مورووی تەسبیحە پچڕاوەکان) لەشتە بەکار هێنراوەکانی ژیانی ڕۆژانەوە وەرگیراوە، کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەژیانی تایبەتیو یادگارە تاڵو شیرینەکانی هونەرمەندەوە هەیە، مردنو قەیرانی ڕۆح، ڕاکشان و تێڕامانی شوانکارەیی. هونەرمەند بەشێوەیەکی سەرەکیو بنچینەیی کارەکانی بەقەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ لەسەر کارتۆنی جیا جیا ئەنجام داوە. لەگەڵ بەکارهێنانی (بۆیەی ئاوی و هەندێ جار پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی کۆلاج، لەزوربەی تابلۆکانیدا هەست بەهێمنیو هارمۆنیای ڕەنگەکان دەکەین، لەشێوازی دەربڕیندا زیاتر بەرەو هونەری (موستەقبەلیەت) ڕۆیشتوەو بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە بەردەوامی جوڵانەوەی فیگەرەکانی بەهۆی هێڵە ڕەنگاو ڕەنگە ڕاستەوخۆکانەوە پیشان داوە. لەڕووی تەکنیکەوە هونەرمەند زیاتر بەهۆی

بەکارهێنانی (هێڵ)ەوە تابلۆکانی نەخشاندووە، کە ئەمەش ڕوخسارێکی تایبەتی و کەسیی هونەرمەندە، کەسەرکەوتنی زیاتری تێدا بەدەست هێناوە. لەکۆتاییدا ئەوە ماوە بڵێن هونەرمەند بەشێوەیەکی ئەکادیمیی و زانستی مامەڵەی لەگەڵ شێوە و هێڵ و پانتاییەکاندا کردوە. لەگەڕانێکی بەردەوامدایە تا بەشێوەیەکی کاریگەرتر و ڕوونتر بەرهەمەکانی بەرەو پێشەوە بەرێت بۆ خزمەت کردنی هونەری شێوەکاری کوردی و نزیک بوونەوە لە ئاسۆی هونەری سەردەم.

**ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارەی 922 ڕۆژی 23 / 2 / 1995**



# پێشانگای وەهبی ڕەسوڵ و چەند سەرنجێك

نوسینی: بەختیار مستەفا قەفتان

بەرهەمەکانی (وەهبی ڕەسوڵ) لە پێشانگای سێهەمیدا، کە لە گەلەری سالار مەجید کرایەوە، گەلێك مەسەلە و ڕووداوی مێژوویمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەیە لە ئێمە ئەو منداڵە چاو گەشانەی نەدیبێ کە سێ تا چوار (دەببە) نەوت و بەنزینی لە قەراغ شەقامەکان دادەناو کز کز بەدیاریانەوە دەوەستان. ڕۆژگار هات و ڕۆی زیادیان کردو بووە پیشەی گەلێك کەس لە منداڵ و گەورە و خوێندکار و تەنانەت موچەخۆرانیش. چەندین جار ئەم دیمەنانە بەدرێژایی شەقامەکاندا دووبارە و سێبارە دەبوونەوە و، (وەهبی)یش وەك ئەندامێکی ناو ئەم کۆمەڵە تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەیە و بەزمانی خۆی دەدوێ، بەرامبەر کێشە و ڕووداو و مەسەلەکان، لێرەدا لە چوونە ناو پێشانگا تایبەتیەکەی ئەم هونەرمەندەدا ئەو کێشەیە سەرهەڵدەدەنەوە و (دەببەکان) لە جیهانێکی تردا بەدیار دەکەونەوە.

لە نەزمو سستمێکی تری چالاکییەکانی بیری مرۆڤدا، کە ئەویش (ئیستاتیکا)یە، دەببەکان (ڕەنگاو ڕەنگ وەك تارمایی بە (قوت)ی و تێك شکاوی، تواوەیی)، بەدیار دەکەون و هەر جارەش دەورێکی تایبەتیان دەداتێ، کە لە باگکراوندی فۆرمەکانی تردان، کە بریتین لە وێنەی ڕووی ئافرەت لە حاڵەتی هەڵچوونی دەروونیو پڕ لە سۆز، ڕووی پیاوێکی عاشق (دێوانە)و (مەم) ئاسا هەروەها کەللەی گیاندار و شاخی لول خوراودو تا پەپولە و گوڵ ..هتد. لە تەکنیك و چارەسەرە هونەریەکەی، ئەم هونەرمەندەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە ئاگاداری بزوتنەوەی هونەری جیهانە و خەلفیەتێکی ڕۆشنبیری هونەری و گشتی پاڵپشتی کارە هونەریەکانیەتیو لە هەوڵی نوێ خوازی دایە.

لەو شێوازانەش (تەعبیری ئەڵمانی، مستەقبەلی، ڕوتەڵەکیو تا ڕادەیەکیش هونەری پۆپ ئارت) جگە لەوەش وەهبی ڕەسوڵ دەیەوێت وەك وێنە کێشێکی کارامە و ئەکادیمیی توانای وێنەکێشانی فۆرمە کانیشمان نیشان بدات، کە شارەزایە و توانای باشی هەیە.

بەڵگەشمان بەرجەستە کردنی هەندێ (ئاوت لاین)و پڕکردنەوەیانە بەهێڵی بەهێزو لە داڕشتنێکی هونەری هاوسەنگدا دەردەکەون.
ئەوی شایەنی باسە بەرهەمەکان هەواو کەشێکی ڕۆمانسیانەی پێوەیە، ئەمانەش وا لە هونەرمەند دەکات زیاتر پابەندی بابەتەکانی کارە هونەریەکانی بێت و هەموو تواناو ڕۆشنبیریەکەشی بخاتە خزمەتیانەوە. هونەرمەند جگە لە تۆمارکردنی مەسەلەیەکی مێژوویی ئەو ساتانەی (دەببەکان) لەپێش چاوی دووبارە دەبوونەوە، لەحاڵەتێکی سۆفیانەوە دەڕوانێتە ئەو بیرەوەریانەی کۆی کردونەتەوە، توانەوەش لەو مەسەلانەدا گەورەترین مەبەستە لەلای تا پلەی سوتان لە پێناویاندا، لەوانەش خۆشەویستیو مل ملانێی مرۆڤ لەگەڵ ژیان و مانەوە و پەیداکردنی نان و خۆپاراستن لە سەختی سەرماو پیرۆز کردنی سەرجەم ئەو کێشانەش.
ئەم حاڵەتەش دەیبات بەرەو داستان و ئەفسانەکان، ئەوەش بە بە کارهێنانی گیانداری شاخو پێچ لول خوارد و وەك (بەران) هەروەها دەلالەیەکی تری ئەو عیشقەی هونەرمەند، کە (مەم) ئاسا دەڕوانێتە ئەو خۆشەویستیە بێکۆتاییەی ناوەوەی گەلێك هێمای ئەو سوتانەی بەکارهێناوە، وەك (گڵۆپ و دەنکە شقارتەی سوتاو)، کە لێرەدا پێمان دەڵێ ئەو دەروێشیە سوتانی دەوێ و پیرۆزن. وە ئەو جینگڵو خەونانەی خۆی گوڵ باران کردووە و پەپولەی ڕەنگینو ناسکی کردۆتە شۆڕە سواری موغامەرەی ئەو خۆشەویستییە بێ کۆتاییانە. ئاشکرایە کە دەڵێن مەمو زین و عەشق و دەروێشی دەبێ دڕكو دژەکانیش بێتە پێش، هەروەك دەڵێن (چەم بێ چەقەڵ نابێ)، بەڵێ( وەهبی ڕەسوڵ) باڵندەیەکی ڕەشی دەنووك تیژی کردۆتە ئەو دژە و یەخەی پەپولە و عەشق و پیرۆزیەکان و خێر دەگرێ و لەکۆتایی دا دەروێشە دیوانەکەی و خۆشەویستەکەی و گیاندارە پیرۆزەکان، دەگەێنێتە یەك و سرودی ئازادی و سەرفرازی دەچڕنەوە.
سەرکەوتوویی بۆ هونەرمەند وەهبی ڕەسوڵ و هەموو ئەو دەروێشانەی خەون بە (ڕاستی و جوانی و خێر)ەوە دەبینن و دەسوتێن.
ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارەی 880 ڕۆژی 5 / 1 / 1994



# پەپوولە

**نوسینی /محمد موسی**

**و/هونەرمەند**

**هونەرمەند وەهبی ڕەسوڵ شادمان بوو، هەروەك چۆن زۆربەی هونەرمەندان شادمان ئەبن لەسەرەتای ژیانی هونەریاندا، بە وەبەرهەم هێنانی تابلۆیەکی خاوەن مۆرکی ئەکادیمی،پشت بەستوو بە شارەزایی وەرگرتووی لە مامۆستا جیاجیاکانی شاری سلێمانی، ئەم شارەزایەی پتەوتر بوو، ئەو دەمەی دەستی دایە خوێندنی هونەر لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغداد، ئەو نایشارێتەوە لە چوونە ناوەوەی ئەکادیمیەیەدا پشت بەستوو بوو بە ئەزمونێك، کە خراپ نەبوو لە میانی نیگارکێشاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بارە نوێیە تووشی سەراسیمەی کرد، لە نێوان قوتابیانێکی خۆبەخت کەر کەسانێك ناهێڵن کاتژمێرێکیان لێ بڕوات بە بێ**

وەدیهێنانی پێشکەوتنێکی کارکردن و تیۆریی لەمەڕ هونەر بەگشتی، لەنێو ئەم کەشە نائاساییەدا وەهبی جێگیر بوو، زۆرێك لە یادەوەری و شارەزاییەکانی گێڕایەوە تا ڕێگەیەك بۆخۆی دروست بکات و بیبڕێ بەقورسی، هەر لەسەرەتاوە زانی شەڕێکی هزریش دەگێڕێ لە پاڵ شەڕە ئەکادیمیە شێوەکاری‌یەکەی و ئەگەر دووەمیان بەدی بێت بەشێك لەنەفەس درێژی وبە دوادا چوون سەرباری بەهرەیەکی پێش وەخت بەڵام هەرچی هزرە لە خولگەیەکی پێگەیشتن‌و پەرەسەندن‌و قووڵ بوونەوەدا دەمێنێتەوە، پێویستی بە ماندوو بوون و هەوڵێك هەیە تا وەدی بێت لەسەر ڕووی تابلۆ.

بەدیاریکراوی نێوان ساڵانی 1982– 1986 ئەو ماوەیەیە، کە وەهبی لە ئامادەبونیدا لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بەسەری بردووە، بەوەرگرتن و فێربوون و قوتابێتی‌و تێگەیشتن، ساڵانێکی بە پیت بوو، خاوەن داهاتێکی ڕۆشنبیریی‌و بنیات نان، کەواتە چۆن لێکدانەوە بۆ پێشکەش کردنی کارێك بکەین، بۆ یەکێ لە دیارترین مامۆستایانی هونەر لە ئەکادیمیا کە ئەویش خوالێخۆشبوو کازم حەیدەرە!! کاتێك کەشتێکی زۆر لە مۆدێرنێتی لە خۆگرتبێ.

لەلایەکی ترەوە کەڵەکەبوونی شارەزایی بووە هۆی ئەوەی هەوڵە یەك بە دوای یەکەکانی بینگەیی ببنە هەوڵدانێکی هەرچی جیدی تر، خاوەن ڕۆشنبیریەکی بینین‌و هەست کردن، هەوینێکی بە پیت دەستی بەڕسکان کرد، بۆ بەرهەم هێنانی دواتر بەپێ‌ی بینینێکی زۆر دەوڵەمەند‌و بەپیت و پارێزراوی ئەکادیمیانە.

بەدەر لەوەش هوشیاریی پێش وەختی ئەو بۆ ئەو کارە هونەریانەی سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشن و جێی پەسەندی بینەری ئاساین، کە هیچ داهاتێکی مێژوویی بەدەست ناهێنێ بۆ ڕێڕەوی هونەریی هونەرمەند، ئەمە وەك ئەو کەسە وایە هەوڵ دەدات بۆ بڕینی گیرفانی خەڵکی بە پارچەیەك لە گڕ..! بەڵێ پێشانگەیەکی تایبەتی بەخۆی کردەوە لە بەغدا ساڵی 1987 ئەو خۆشی ئەو کاتە، پێشبینی ڕەزامەندی جەماوەرێکی هۆشیاری نە ئەکرد.

ئەوەی بەدی دێت لەسەر ڕوویەکی تەخت یا لە تەخت چوو، ئەوە پێشتر بە دڵنیاییەوە لە هزردا بەدی هاتووەپرۆسیسی گواستنەوەکەشی ووریایی‌و

شارەزایی دەوێت، ئەمە حەقیقەتی کاری هونەرییە گەر وەهبی لە نزیکەوە بناسی شتێك لەمەرگە ساتاوی بوون، دڵە ڕاوکێی زەمەنی ترس لە داهاتوو، دەبینیت تیایدا، ئەو ترسە ڕاستەی پاڵ بەهونەرمەندەوە دەنێت تا بەدی بێنێت و ئافەریدە بکات. ئەو دەست بەرداری پەیوولەکانی و کەسە کەم و تایبەتیەکانی نابێت، هێڵە چەماوە دووبارەبووەکانی: لەدایك بوون، هێلکە، مێینە، دەنوێنین بەمە لەخودی ژیان دەچێت.

ئەو پەپوولەیەی جارێك لە تاو سکون هاوارێتی جارێکی تر باڵ دەگرێ لە ئاسماندا، تا بچووك دەبێتەوە لە چاوماندا، ڕووە شل و تواوەکان و کاریگەریی مەروان قەساب لەسەرەتای ژیانی هونەریدا، ئەمانە هەموو ڕێخۆشکەربوون بۆ هەڵبژاردن و دەست بردنی بۆ قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ تا لەڕێیەوە گۆرانیو ئاواز بچڕێ و ڕەنگی شل (زەیت) لە کارەکانی تریدا، لە میانی نەخشەی وەهبی دا قۆناغێکی گرنگ هەیە، کە بەیەکێ لە هۆکارەکانی پێگەیشتنی هزری ئەو و بەدی هێنانی تابلۆی بەتوانا دەژمێردرێت، قۆناغێك کە لەوەرگرتنی فۆرمی دەببە نەوت و سوتەمەنییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، کاری بۆ ئەوە کردووە نەهامەتییەکی مرۆڤایەتی تیا پیشان بدات، نەمان و وون بوونی سووتەمەنی خودی مەسەلەکە نییە لێرەدا، بەڵکو وون بوون و قێزەون بوونی مافەکانی مرۆڤە، وون بوونی گشت شتێ هەر لە سووتەمەنییەوە تا زۆرترین پێداویستییە گرنگ و بە پەلەکانی ژیان.

ڕەنگە وەها گونجاوتر بوایە وەهبی بە ڕەشبینیەکی شێوەکاریانەوە مامەڵەی ئەم بارودۆخەی بکردایە و هەرواش لۆژیکیانە بیری لێ ئەکرێتەوە بەڵام بە پێچەوانەی کردووە، ئەم هونەرمەندە، لەسەر شێوەی (گاڵۆن) ی بەنزین نیگاری پەپوولەکانی و ئافرەتەکانی بەڕەنگی پەمەیی و وەنەوشەیی کێشاوە.!!

وەهبی ڕەسوڵ دەگەڕێ لە دوای ڕەها بە دووبارەکردنەوەی هێڵەکانی هەروەك هونەرمەندی ئیسلامی بۆی دەگەڕا بە دووبارە کردنەوەکانی، هەر کامێك لەم دووانە ژیان بە بەربینەیەکی یەك لە دوای یەك دادەنێن، کە ڕەزمەکەی ڕووناکی بێت، ڕەنگ ئامانجێکی زارەکییە، گەلێك لە پەرجووەکانی بوون بەدی دێنێ، ئەمە ئەو شتەیە، کە دەتوانی لەسەر ڕووی تابلۆ نوێکانی وەهبی بیخوێنیتەوە، گەر ناو بەناوێك مەیلی

بۆ دیارخستن هەبووبێ شتێك نییە، خڵتەی لێتوێژینەوە ئەكادیمییەكانی نەبێ بۆ سروشتی كۆمپۆزشنەكان و خۆشەویستیو حەزی منالێكە بۆ بینینی كەسایەتییەك قوت بۆتەوە لە نێوەندی تابلۆدا لەلایەن كەسانی ترەوە.

كۆشش كردن بۆ وەدەست هێنانی هاوسەنگی بابەتیانەی دەوروپشت (لێرەدا مەبەست لە دەوروپشت بارە كۆمەڵایەتیو كەشو ئایینیو بۆ ماوەییەكانە)و خۆ بە دوورگرتن و رەتكردنەوەی چوونە ناو هەموو چوارچێوەیەكی ئامادەوە و فەرامۆش كردن و دوورخستنەوەی مەبەست و ئامانجە گشتییەكان بۆ وەدی هێنانی ئامانجێكی زیاتر گشت گیر، دەركردنی بڕیارهایەك، كە تایبەت بێت بەخۆی بۆ بنیات نانی تابلۆی نوێ و مۆدێرن، هەموو ئەمانە گۆشە نوێیەكەی هاوێنەی بینینی هونەریی وەهبی ڕەسولێ باوەش گیری كردوون، كە ئەوەش بینینێكە شایەنی بیركردنەوەو تێڕامانە لێی .

هەفتەنامەی (الأتحاد) ژمارە (357) 2000/2/11



# ڕەنگە بەهەشتی‌یەکانی وەهبی رسولّ لە دوا پێشانگەی‌دا

**نوسینی: دلّشاد عەبدولّلا**

ڕۆژانی 27 تا 30 / 7 هونەرمەندی شێوەکار وەهبی ڕەسولّ پێنجەم پێشانگەی تایبەتی خۆی لە گەلەری کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی کردەوە. وەهبی ئەم پێشانگەیەی پێشکەش بە هەردوو نوری ژیانی (حاجی رەسولی باوکی و هۆمەنی کوڕی) کردوە، چاکیشی کردووە، کە ناوی پێشانگەکەی ناوە (هەژەند – سەرسوڕێن). چونکە دوای ئەوەی لەسەیرکردنی تابلۆکان دەبێتەوە، هەست دەکەی یەك تابلۆت بینیوە، ئەووت ئەو تابلۆیە چەشنی خۆرێك بۆتە سی و قسور لەتەخۆر، سی‌وقسور ئاوێنەی ڕەنگین، سی‌و قسور پەلکەزێڕینە، چەشنی کەوانەی سیحراوی، چەشنی بای ڕەنگ و جوانی لەیەکتری ئالأون.

پێشتر هیچ پێشانگەیەکی کاك (وەهبی)م نەبینیووە، بەلأم چەند جارێك لەبۆنەی جیادا، تاك و تەرا تابلۆکانیم بینیووە، ماوەی زیاتر لە سالێکیشە هاتووچۆ و ئاگاداری یەکترین،بۆیە ئەو سەرنجانەی من پشت بە شارەزایی و ئاگاداری نابەستیّ، لەبەرامبەر کارەکانی وەهبی دا، بەڵکو خوێندنەوەیەکی ئەم پێشانگەیە و هەڵوەستە کردنە لەئاست جوانیەك کەهەست دەکەی لە لێواری بەهەشتەوە ڕژاوە.

بەشێکی زۆری کارەکان بەقەڵەم کراون، لەهەندێ شوێندا پاستیل و بۆیەی ئاوی و زۆرجاریش ڕەنگێکی لەدەرەوە هێناوە، لە شێوەی مانگ یا ئەستێرە یاپنتێکی بچوکی بریقەدار و تێکەڵی ڕەنگەکانی کردووە، نازانم لەو کۆلاج کردنەدا وەهبی دەیەوێ بڵێ، من ڕەنگەکانی دەرەوە و ناوەوەی خۆم تێکەلأو دەکەم، یا دەیەوێ بڵێ ئەو ڕەنگە جوانترە و هەرچەندەی کۆشام نەمتوانی ئەو ڕەنگە پشت گوێ بخەم، کە لەدەرەوەی من دایە، بۆیە بڕیارم دا بیهێنمە ناو ڕەنگەکانی خۆمەوە، یا لەوەش هەوراز تر وەهبی دەیەوێ بڵێ من و سروشت، وەکو دوو هونەرمەند پێکەوە کارێکی هونەری جێبەجێ دەکەین، کە ناوی منی بە سەرەوەیە.

تابلۆکانی (هەژەند) بەشێکن لە موغامەرەکانی ڕەنگ و خۆدزینەوەیە، لە شێوە لە ڕێی فانتازیای ڕەنگەوە زۆرجاریش هەست دەکەی وەهبی نایەوێ شێوەکان دیاربخا، بەڵکو بڕگەیەك، (مقطعيَك) لە شتەکان، لە ڕووداوەکان، لە بینینەکان

وەردەگرێ و لە ڕێی کەرنەڤاڵی ڕەنگەوە لە ڕێی سەمفۆنیای ڕەنگەوە نیشانیان دەدا، بەڵام نایانکا بە بابەت، نایکا بەمانا! ئەو وون بوونی بابەت و مانایە بۆشاییەکی خولقاندووە، هیوام زۆرە توانای کاك وەهبی لە هەوڵی هونەری تر و کاری داهاتوویدا پڕیان بکاتەوە. من کە ئەو قسانە دەکەم هەرگیز ئەوەشم لەیاد نەکردووە، کە لە (هەژەند) دا سێ هەوڵی لەو جۆرە هەیە بۆ نیشاندانی دەموچاوی بەر ڕەشەبای کچێك، کە لەناو ڕەنگی گەرمی مۆر و پەمەیی تۆخدا شۆڕبوونەتەوە سەر زەوی شۆڕبونەتەوە، درێژ و باریك بۆ ئەوەی سیمای ئینسانی خۆیان لە دەست نەدەن.

لەو پێشەنگەیەدا، پرسیارێك ڕووبەڕووم بووەوە، کە پێشتر لەهەندێ بۆنەدا خەیاڵم بۆی چووە، بەتایبەتی لە بینینی هەندێ پێشانگەی دیکە و خوێندنەوەی هەندێ دیوانی شیعریدا، ئەویش: لەبەرچی‌یە هونەرمەندێ ماوەیەك ئیشەکانی دووبارە دەکاتەوە، یا موعاناتێکە و چەند جارێك دەینوسێتەوە، هەستێکە و چەندین جار دەری دەبڕێ، ئایا کەم بوون و نەبوونی بابەتە، یا دڵەڕاوکی‌یە لە دەربڕین دا، یا گەڕانێکی پەلە پەلە بۆ دۆزینەوە، وەڵامێك کە هەزارویەك پرسیاری تر دەوروژێنێ یاتینوێتی نەشکانە، یا هەڵپەیە، یا ئەوەی ئێستا ڕوودەدا بەشێکە لە واقیعی ژیانی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دەروونیمان کە سیمای ناجێگیریی و نائارامی و دڵنیا نەبوونی بەزەقی پێوە دیارە؟

ئەوانەی سەرەوە هەمووی هەر پرسیارن، ڕەنگە گەڕان بە دوای دۆزینەوەی بەهای هونەریی لە دەرەوەدا گەورەترین کێشەبێ و هەندێ جاریش نەبوونی ڕەخنە و عەقڵی رەخنەیی ئەو کێشەیەی بەواڵایی هێشتبێتەوە.

دواجار سەرسوڕمانی وەهبی پیاسە و گەڕانی لەگەڵ باری ڕەنگ و پەلکەزێڕینەدا، پرسیارێك دەوروژێنێ و قەناعەتێك جێگیر دەکا، کە نائارامیو دڵەڕاوکێ گەنجینەی لە بن نەهاتووی هونەرن و هەمیشە قەناعەتە جوانەکان، بەها جوانەکان لەهەستە قووڵەکانی نائارامی و لە لێکدانەوەو دڵتەنگیو هەناسە سواری نائومێدیەوە، چەشنی لاسکی تەڕ پاك لە چەقێنەکاندا سەردەردێنین و بەوانەش دەوترێ هونەری پاك.

(هەژەند) پەیامی بەردەوامبوونی وەهبییە، بەلاّم دەبێ ئەو ڕاستییە لە یاد نەکەین کەبەردەوام بوون دوو دیووی هەیە، یەکیان ئەوەیە، کە خەڵکی دەیبینێ، دیووەکەی دی لەناخی هونەرمەند چەقیوە و یەك شت رزگاری دەکا ئەویش گۆڕان و نوێ بوونەوە.

لە ژمارە 2 ئابی ساڵی 1999 ی گۆڤاری ئاینده
بڵاوکراوەتەوە



# *Wåhby Rasool*



*Koerdische Vereniging in Nederland "Midia"*

*Amsterdam 2003*